پاسپۆرتی سلێمانی: کار بە سورە قەیدی ئەلیکترۆنی ناکرێت و تەنها کار بە کارتی نیشتمانیی دەکرێت

پاسپۆرتی سلێمانی ئاگاداریەکی ئاراستەی کوردانی دەرەوەی وڵات کرد و رایگەیاند، بە دەرکردن و نوێکردنەوەی پاسپۆرت کار بە سورە قەیدی ئەلیکترۆنی ناکرێت و تەنها کار بە کارتی نیشتمانیی دەکرێت.

ئەمە دووشەممە ٧ـی نیسانی ٢٠٢٥، بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی رووونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، ئاگاداری سەرجەم ئەو کوردانە دەکەنەوە کە لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن، بە دەرکردن و نوێکردنەوەی پاسپۆرت تەنها کار بە کارتی نیشتمانیی دەکرێت.

دەشلێت، بەهیچ جۆرێک کار بە وێنەی تەماری ئەلیکترۆنی "صورة قيد" ناکرێت و چونکە بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق کارکردن پێی راگیراوە.

ئاماژە بەوەشکراوە، پەویستە ئەو هاووڵاتیانە لەکاتی گەڕانەوەیان بە هەرێمی کوردستان مەتی ٣٠ ڕۆژ وەربگرن، لەبەرئەوەی تەواوبوونی کارتی نیشتمانی ماوەکەی (٢٠ بە ٣٠) ڕۆژی پێدەچێت.